ئامادەکردنی: جەلیل ئیبراهیم عەلی

# ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەرمان ﷺ

## بۆ منداڵ و نەوجەوانان






# ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەرمان ﷺ

## بۆ منداڵ و نەوجەوانان

ئامادەکردنی: جەلیل ئیبراهیم عەلی



له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان
بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەممەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەرمان(د.خ) بۆ منداڵ و نەوجەوانان
ئامادەکار: جەلیل ئیبراهیم عەلی
بابەت: پەروەردەی ئاینی
دیزاینی بەرگ: ئارام مەلا محەممەد
دیزاینی دەق: بیلال بەکر سەید غەریب
پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ میلادی، چاپی دووەم.



**پەیوەندی:** bookadiban@gmail.com - 07731974646 - 07501571818
**ناونیشان:** نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين نبينا محمد وعلى آله وصبحه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أما بعد.

خوای پەروەردگار زۆر ڕێزی لە ئادەمیزاد گرتووە یەکێك لەو منەتە گەورانە ناردنی پێغەمبەرانە ـ علیهم الصلاة والسلام ـ بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێچکەی ڕاست و ڕەوان بڕوات لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی، و لە گومڕایی و پەرتەوازی بۆ هیدایەت و یەکبوون، لەم پێناوەشدا چەندین پێغەمبەری ڕەوانە کردووە یەکێك لەو پێغەمبەرانەش محمدە ﷺ.

شارەزابوون لە ژیانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ پێویست و واجبە لەسەر هەموو تاکێکی موسڵمان، بۆیە گرنگە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنەوە فێری ژیان و هەڵسوکەوت و بەسەرهاتی پێغەمبەر ﷺ بکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێك کتێبی منداڵان هەن لەسەر ژیانی پێغەمبەرمان ﷺ لێرەدا بەکورتی باس لە ژیانی دەکات بەڵکو گرنگی بە لایەنێکی دیکەی ژیانی خۆشەویستمان ﷺ دەدات ئەویش ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی پێغەمبەرمان ﷺ ، هەر وەکو خوای پەرروەردگار لە چەندین ئایەتدا باس لە ڕەوشتە جوانەکانی دەکات هەر وەکو دەفەرموویێت: (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)، واتە: بەڕاستی تۆ ئەی محمد ﷺ لەسەر ڕەوشتێکی هەر بەرزی، هەروەها پرسیار لە دایکە عائیشە ـ خوای لێی ڕازی بێت ـ دەکەن لەسەر ڕەفتاری پێغەمبەرمان ﷺ ئەویش دەفەرمووێت: ڕەفتاری وەکو قورئان بووە.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکی بەشی یەکەم بە کورتی باسی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکات وە بەشی دووەم و سێیەم باس لە ڕەوشت و ڕەفتارەکان دەکات، وە هەر بەشێکیش پێکهاتووە لە چەند وانەیەك بۆ ئەوەی منداڵ بەتەواوی لەو ڕەوشت و ڕەفتارە تێبگات.

# بەشی یەکەم

# ناو و ڕەچەڵەکی


نــاوی محمدی کوڕی عبداللەی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشــم، هاشم لە تیرەی قوڕەیشە، قوڕەیشیش لە عەرەبە، عەرەبیش لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمە ـ علیهما الصلاة والسلام ـ .

## دایکی


ئامینــەی کچی وەهب کــوڕی عبدالمناف کــوڕی زوهرەی کوڕی حەکیمی کوڕی موڕرەیە.

## لە دایك بوونی

لە ڕۆژی دوو شەممە مانگی (ربیع الأول )ی ساڵی (٥٧١) زایینی لە شاری مەککە لە دایك بووە، ئەو ساڵە ناسراوە بە ساڵی فیل.



پاشـــایەك هەبوو بە ناوی ( ئەبرەهە ) زۆر زاڵم و ستەمكار بوو، كە دەیبینی خەڵكی ڕوو دەكەنە شاری مەككە بۆ تەواف كردن بە دەوری كەعبەی پیرۆز، ســـوپایەكی گەورە ئامادە كرد كە چەندین فیلی تێدا بوو خۆیشـــی ســـواری فیلێكی گەورە بوو، كەوتەڕێ بەرەو شاری مەككە كاتێك نزیك بوونەوە فیلەكان نەیانتوانی بەرەو كەعبە بڕۆن، خوای پەروەردگار چەنـــد باڵندەیەكی بۆ ناردن كـــە هەریەكە چەند بەردێكیان هەڵگرتبوو، هـــەر بەردێك بەر یەكێكیان بكەوتایە لە ناو دەچوو، ئەبرەهەیش بەردێكی بەركەوت هەتا گەڕایەوە شوێنی خۆی لاشـــەی بە تەواوی داڕزا پاشان مرد، بەو شێوەیە خوای پەروەردگار كەعبەی پیرۆزی پاراست.



## مردنی باوکی

پێش لە دایك بوونی پێغەمبەرمان ﷺ باوکی سەفەری کرد بۆ شام لە کاتی گەڕانەوەی لە نزیك شاری مەدینە نەخۆش کەوت، هەر بەو نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد.

## شیرپێدانی

نەریـت و باوی ناو پیـاوە گەورەکانـی قوڕەیش وابـوو کاتێك منداڵێکی تازەیان ببوایـە دەیان نارد بۆ لادێ بۆ ئەوەی ئاو و هەوای پاکی لادێ هەڵمژن و فێری زمانی پاڕاو بین.

## حلیمە السعدیة

ئەو ژنەیە کە پێغەمبەرمانی ﷺ برد بۆ لای خۆی و شـیری پێدا و بوو بە دایکی شیری.



ڕۆژێك پێغەمبەرمان ﷺ لەگەڵ برا شیرییەکەی خەریکی شوانی بوون لەناکاو دوو پیاو هاتن سنگی پێغەمبەریان ﷺ لەتکرد و ئەوەی بەشی شەیتان بێت لایان برد پاشان سنگی بە تەواوی دورایەوە، ئەمیش لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو.



## مردنی دایکی


دایکی پێغەمبەرمان ﷺ دەبات بۆ شاری مەدینە بۆ لای خاڵۆانی و ماوەیەك دەمێنێتەوە پاشان گەڕانەوە بۆ شاری مەککە، بەڵام لە ڕێگادا دایکی نەخۆش دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، لەو کاتەدا تەمەنی پێغەمبەرمان ﷺ شەش ساڵان بوو.

## مردنی عبدالمطلب

پاش مردنی دایــك و باوكی پێغەمبەرمــان ﷺ عبدالمطلبی باپیری بەخێوی كرد و زۆر خۆشــی دەویســت ئەمەش كەمێــك لە ئێش و ئــازاری نەبوونی دایــك و باوكی لە بیرچوو، بــەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند لە دوای دوو ساڵ عبدالمطلب كۆچی دوایی كرد، لەو كاتەدا تەمەنی پێغەمبەرمان ﷺ هەشت ساڵان بوو.

## ابو طالب سەرپەرشتی پێغەمبەرمان ﷺ دەكات

عبدالمطلــب پێش ئەوەی كۆچی دوایی بــكات داوای لە أبو طالبی كوڕی كــرد سەرپەرشــتی پێغەمبەرمان ﷺ بــكات، ئەویش زۆر خۆشی دەویست و سەرپەرشتی كرد.




پێغەمبەرمان ﷺ هەندێك ئیش و كاری كردووە، لە سەرەتای لاوێتی لەگەڵ ئامۆزاكانی خەریكی شوانی بووە، پاشان كە تەمەنی بووە بیست و پێنج ساڵان خەریكی بازرگانی بوو، ئەمەیش كاتێك خاتوو خدیجە ویستی كەسێكی دەست پاك و ڕاستگۆ ئیشی بۆ بكات، بۆیە پێغەمبەری ﷺ هەڵبژارد سەرپەرشتی ماڵ و سامانەكەی بكات لەو كاروانەی بەرەو شام ڕۆشت.



## ژنهێنانی پێغەمبەرمان ﷺ

سوننەتی ژیان وایە كچ و كوڕ ژیانی هاوسەرێتی پێكبهێنن، پێغەمبەرمان ﷺ لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی هاوسەرگیری كرد لەگەڵ خاتوو خەدیجە، أبو طالب چووە خوازبێنی خەدیجە و ئەویش ڕازی بوو چونكە دەبێتە هاوسەری پیاوێكی ڕاستگۆ و دەست پاك.

پێغەمبەرمان ﷺ زۆر جار دەچوو بۆ ئەشکەوتی ( حیراء ) بیری لەم گەردوونە دەکردەوە تاوەکو ڕۆژێکیان لە مانگی ڕەمەزان فریشتەیەك وەحی هێنا و پێغەمبەری ﷺ گوشـــی، فەرمووی: بخوێنە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوێندەوار نیم، سێ جار دووبارەی کردەوە، پاشان بۆ یەکەمجار ئەم ئایەتە دابەزی: (اقْرَأْ بِاسْـــمِ رَبِّـــكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَـــانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ).



لەسەرەتادا پێغەمبەرمان ﷺ بانگەوازی بە نهێنی لە خزمە نزیکەکانی دەست پێکرد، لەم ماوەیەدا خەدیجە و ئەبو بکری صدیق و علی کوڕی أبو طالب و عثمانی کوڕی عەفان و کۆمەڵێکی تر موسڵمان بوون، ئەمیش ماوەی سێ ساڵی خایاند.

### ئاشکراکردنی بانگەواز

بۆ ماوەی سێ ساڵ پێغەمبەرمان ﷺ بانگەوازی خەڵکی دەکرد بە شێوەی نهێنی، کۆمەڵێك کەس موسڵمان بوون، پاشان بە شێوەیەکی ئاشکرا بانگەوازی خەڵکی کرد بۆ ئاینی ئیسلام چونکە ئەم ئایینە بۆ تەواوی مرۆڤایەتییە.



## بێباوەڕان و پێغەمبەرمان ﷺ

لەم کاتەدا پیـاوە گەورەکانی قوڕەیش کەوتنە دژایەتی پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریـش ﷺ بە قورئان وەڵامـی دەدانەوە، لەبەرئەوەی قورئان کەلامی خوای پەروەردگارە و ئاینی ئیسـلامیش پاکترین و باشـترین بەرنامەی ژیانـە ،خەڵکی زیاتر موسـڵمان دەبوون و بێباوەڕانیش دەدۆڕان بەرامبەر ئیسلام.



## ئازاردانی موسڵمانان

پاش ئەوەی بێباوەڕان نەیان توانی بەرامبەر قورئان بوەستنەوە بۆیە کەوتنە ئازاردانی موسـڵمانان، بێباوەڕان بە خراپترین شێوە ئازاری موسڵمانانیان دەدا، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بیری کردەوە موسڵمانان لەو ئازار و ناڕەحەتییە دەربکات.



## کۆچکردن بۆ حەبەشە

پاش ئەوەی موسـڵمانان زۆر ئازار دەدران لەلایـەن بێباوەڕانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد کۆمەڵێك لە هاوەڵان کۆچ بکەن بۆ حەبەشـە، چونکە پاشـایەکی دادپەروەری تێدایە موسـڵمانان دەتوانن بە ئازادی خواپەرستی بکەن.


## چوونی پێغەمبەر ﷺ بۆ طائیف

پێغەمبەرمـان ﷺ زۆر دژایەتـی دەکـرا و ئـازار دەدرا لە لایەن بێباوەڕانەوە، بۆیە ڕووی کردە شـاری طائیـف بانگەوازی کردن بۆ یەکخوارسـتی بەڵام ئەو شارە زۆر بەناشیرینی وەڵامی دانەوە، لە کاتی گەڕانەوەی دوو فریشـتە هاتنە خزمەتـی پێغەمبەر ﷺ و ووتیان ئەگـەر فەرمان بکەیت ئەوا شـاری طائیف بە تەواوی دەڕوخێنین، بەڵام پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئومێد دەکەم لە نەوەی ئەمانە خەڵکانێکی باش دەربچن.

ئەو خەڵکانەی دەهاتن بۆ شاری مەککە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی دەکردن بۆ ئاینی ئیسلام، هەندێکیان موسڵمان بوون گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە.

## کۆچکردن بۆ شاری مەدینە

پاش ئەوەی موسڵمانانی شاری مەدینە زۆر بوون داوایان کرد پێغەمبەر ﷺ کۆچ بکات بۆ لای ئەوان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بڕیار دەدات کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە، لە سەرەتادا هاوەڵان بە شێوەی نهێنی کۆچیان کرد پاشان خۆی لەگەڵ ابو بکری صدیق کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە.





## گەشتنە شاری مەدینە

پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ گەشـــتە شاری مەدینە دەستی کرد بە درووستکردنی مزگەوت چونکە مزگەوت گرنگترین و پیرۆزترین شوێنە، وە برایەتی خستە نێوان موسڵمانان و پەیماننامەی لە شاری مەدینە بەست.

# جەنگی بەدر

پاش ئەوەی موسڵمانان شاری مەککەیان بەجێهێشت هەموو موڵك و سامانیان لەلایەن بێباوەڕانەوە بە تاڵان بران، موسڵمانان دەستیان کرد بە ئیش و کار لەگەڵ خواپەرستی، بۆ یەکەمجار جەنگ لە نێوان موسڵمانان و بێباوەڕان ڕوویدا لە ساڵی دووەمی کۆچی بەسەرکەوتنی موسڵمانان کۆتای هات.



## جەنگی ئوحود

پاشاش ئەوەی بێباوەڕان لە جەنگی بەدر شکستیان هێنا وویستیان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بۆیە بە سوپایەکی گەورەوە ڕوویان کردە شاری مەدینە، جەنگەکە لە نزیك شاری مەدینە دەستی پێکرد لە سەرەتادا موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام هەندێك لە تیرهاوێژەکان کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر کێوەکە دایـنابوون دابەزینە خوارەوە و جێگاکەی خۆیان بەجێهێشت بەبێ پرسی پێغەمبەری خوا ﷺ و وایان زانی جەنگەکە کۆتایی هاتووە بۆیە بێباوەڕەکان ئەمەیان قۆستەوە و سەرکەوتن بەسەر موسڵمانانەوە.

## جەنگی خەندەق

بێباوەڕەکان بینیان ئاینی ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوانبووندایە هەستیان بە ناڕەحەتی دەکرد، بۆیە پیلانیان دانا هێرش ببەن بۆ شاری مەدینە و هەموو موسڵمانان لە ناوببەن، بێباوەڕەکان لەگەڵ جولەکەکان لە دەوروبەری شاری مەدینە وویستیان هیرش ببەن بەڵام موسڵمان دەستیان کرد بە هەڵکەندنی خەندەق، ئەمەش چەند ڕۆژێکی خایاند تاوەکو خوای پەروەردگار فریشتەی ناردە خوارەوە و بایەکی بەهێز هەڵیکرد، بێباوەڕەکان بە سەرشۆڕی گەرانەوە شوێنی خۆیان.

## مردنی پێغەمبەرمان ﷺ

پاش بیست و سێ ساڵ بانگەزاری کرد بۆ یەکخواپەرستی و پەیامی خوای بە جوانترین شێوە لەسەر زەوی بڵاوکردەوە و خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لە ساڵی یانزەیەمی کۆچی ڕۆژی دوو شەممە دوانزەی (ربیع الأول ) کۆچی دوایی کرد.

# بەشی دووەم

## دەسپێك

پێغەمبەرمان ﷺ زۆر گرنگی دەدا بە پاکوخاوێنی جەستەی، وە چەندین حوکمی شەرعی پەیوەست کردووە بە بوونی پاکو خاوێنی، وەك: دەست نوێژ، .................. ، ..................

گرنگی دانی پێغەمبەرمان ﷺ بە پاکو خاوێنی بە چ شێوازێك بوو؟

چی دەزانی دەربارەی شێوازی گرنگی پێدانی پێغەمبەرمان ﷺ بە پاکوخاوێنی؟

**پێغەمبەرمان ﷺ بەوە ناسراوە زۆر گرنگی بە پاکو خاوێنی داوە و بەردەوام بووە لەسەری، لەوانەش:**

**پاکی جەستەی:** پێغەمبەرمان ﷺ هەموو جەستەی خۆی بە ئاو دەشۆرد، فەرمانیشی بە خۆشۆردن دەکرد، بە تایبەت لە ڕۆژی هەینیدا، چونکە جەژنی هەفتانەی موسڵمانانە، وە فەرمانی بە کورت کردنەوەی نینۆکی کردووە لە کاتی درێژ بووندا.

**پاکــی جل وبەرگــی:** پێغەمبەرمان ﷺ جلوبەرگ و نەعلەکانی پاك ڕادەگرت، فەرمانیشــی بە هاوەڵانی دەکــرد بە پاکو خاوێنی جلوبەرگیان.

جابری کوڕی عبدالله دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ســەردانی ماڵ ئێمەی کرد پیاوێکی بینی جلێکی پیسی لەبەر بوو، پێی فەرمووی: ((ئایا ئەمە نەیتوانی جلەکەی بشۆرێت)).

**پاکی دەم و دەستەکانی پاش خواردن:** پێغەمبەرمانﷺ گرنگی بە پاکی دەم و ددانی دەدا، وە دەمی خۆی دەشــۆرد لە پاش هەموو خواردن و خواردنەوەیەك کە شوێنەوار و بۆنی بمێنێتەوە، هاوەڵی خۆشەویســت عبداللەی عبــاس (خوای لــێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ شــیری دەخواردەوە پاشــان ئاوی ڕادەدا لە دەمی و دەیفەرمووی: ((بەڕاستی چەوری هەیە)).



**پاكی ددانەكانـــی:** پێغەمبەرمان ﷺ فەرمانی بــە بەكارهێنانی سیواك كردووە و زۆریش بەكاری هێناوە بە تایبەتی لە كاتی:

١- دەست نوێژ.

٢- نوێژ.

٣- خوێندنی قورئان.

٤- ناخۆش بوونی بۆنی ناو دەم.

٥- لە خەو هەستان.

٦- هاتنە ماڵەوە.




**پاكــی و جوانی مووی ســەری:** پێغەمبەرمـــان ﷺ مووەكانی سەری ڕێك دەكرد و نەی دەهێشت نارێك و شێواو بێت، جارێكیان هاوەڵێكی خۆی بینی مووەكانی سەری تێكچوو بوو، پێغەمبەرمان ﷺ پێی فەرموو: ((ئایا ئەمە شــتێكی دەست نەكەوت مووەكانی سەری پێ ڕێك بكاتەوە)) .

**دەسپێک**

گرنگە موسڵمان بە جلی جوان خۆی برازێنێتەوە، چونکە پێغەمبەرمان ﷺ جوانترین نموونە بووە لە شێواز و جوانی جلوبەرگیدا.

## تایبەتمەندییەکانی جلی پێغەمبەرمان ﷺ

**یەکەم: پاکێتی**، پێغەمبەرمان ﷺ حەزی لە پاکو خاوێنی بوو، بۆیە هەمیشە جلەکانی پاکو خاوێن بوون، وە هەروەها فەرمانیشی بە هاوەڵانی دەکرد کە جلەکانیان پاکو خاوێن بێت.
هاوەڵی خۆشەویست جابری کوڕی عبدالله (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی ماڵی ئێمەی کرد، پیاوێکی بینی جلێکی پیسی لەبەر بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((ئایا ئەمە نەیتوانی جلەکەی بشۆرێت)).





**دووەم: بـۆن خۆشـی،** پێغەمبەرمان ﷺ هەمیشـە بۆنی خۆش بوو، هاوەڵی خۆشەویسـت ئەنەسی کوڕی مالك(خوای لێ ڕازی بێـت) دەڵێت: بۆنی دەسـتی پێغەمبەر ﷺ لە بۆنـی عەنبەر و میسك و هەموو بۆنێکی خۆش، خۆشتربوو . هەروەها بۆنی پیسی پێ ناخۆش بوو، بۆیە قەدەغەی کردووە لەو کەسـانەی کە سـیر یان پیاز دەخۆن ئامادەی نوێژی جەماعەت ببن، چونکە دەبنە هۆی ناڕەحەتکردنی موسڵمانان و فریشتەکان.

**سێیەم: خۆبەکەم زانین**، پێغەمبەرمان ﷺ لە پۆشینی جلوبەرگدا زۆر خاکی بوو، هەرچی ئامادە ببوایە لەبەری دەکرد، بۆ نموونە: ئەو جلە لۆکە بێت یان سوف یان ئەستور بێت. وە قەدەغەی کردووە لە پۆشینی جل و بەرگێك کە بەرچاوبێت و بۆ ناوبانگ بێت یاخود وەکو جل و بەرگی ئافرەتان بێت، یان ئافرەتان جل و بەرگێك بپۆشن وەکو جل و بەرگی پیاوان بێت یاخود لە جل و بەرگی بێباوەڕان بچێت، یاخود جل و بەرگی ببێتە هۆی خۆ بەگەورە زانین.



**چوارەم: پۆشینی جلی سپی**، پێغەمبەرمان ﷺ لە ناو ڕەنگەکان ڕەنگی سپی هەڵدەبژارد بۆ جلەکانی و فەرمانیشی دەکرد بەوەی کە ڕەنگی جلەکانمان سپی بێت، هەر وەکو پێغەمبەرمان ﷺ دەیفەرموو: ((جلوبەرگی سپی لەبەر بکەن بە ڕاستی باشترین جۆری جل وبەرگە)).

## یەکەم: چۆنێتی لەبەرکردنی جلوبەرگی پێغەمبەرمان ﷺ:

أ پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ کاتێك جلو بەرگی لەبەر بکردایە لە پێشدا لای ڕاستی لەبەر دەکرد، وە لە کاتی داکەندا لای چەپی پێش ئەخست.

ب پێغەمبەرمان ﷺ کاتێك نەعلی لە پێ بکردایە سەرەتا لای ڕاستی لە پێ دەکرد، وە کاتێك نەعلی دابکەندایە لای چەپی لەپێشدا دادەکەند.

ج پێغەمبەرمان ﷺ قەدەغەی کردووە لەوەی کە یەك تاکە نەعل لە پێ بکەین.

د پێغەمبەرمان ﷺ لە کاتی پۆشینی جلی نوێدا دەیفەرموو((اللَّهُمَّ لَكَ الحَمْدُ أَنْتَ كَسَوْتَنيه، أَسْأَلُكَ خيرَهُ وَخَيرَ مَا صُنِعَ لَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ مَا صُنِعَ لَهُ)) .

## دووەم: خۆنەچوواندن
## بە ڕەگەزی بەرامبەر:

پێغەمبەرمان ﷺ قەدەغەی کردووە کە پیاوان خۆیان وەکو ئافرەتان لێ بکەن لە ڕواڵەت و جلوبەرگدا، وە هەروەها قەدەغەی کردووە لەوەی کە ئافرەتان خۆیان وەکو پیاوان لێ بکەن لە ڕواڵەت و جلوبەرگدا. لەم بارەشەوە ابن عباس(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەرمانﷺ ((نەفرینی کردووە لەو پیاوانەی خۆیان وەکو ئافرەتان لێ دەکەن وە ئەو ئافرەتانەی خۆیان وەکو پیاوان لێ دەکەن)) .

بۆیە جلوبەرگی ئافرەتان بۆ پیاوان درووست نییە، وە جلوبەرگی پیاوانیش بۆ ئافرەتان دروست نییە. وە ئەمە هەڕەشەیە لە لایەن پێغەمبەرمانەوە ﷺ بۆ ئەوکەسانەی کە ئەم کارە دەکەن بەوەی کە دەرکراون لە میهرەبانی خوای گەورە، هەروەها کاریگەری خراپیشی دەبێت لەسەر پیاوان بەوەی کەوا پیاوان خووی ئافرەتان دەگرن و خۆیان ناسك دەکەنەوە.

هەروەها ئافرەتانیش ئەگەر خۆی بچوێنێت بە پیاوانەوە لە ڕێچکەی خۆی لادەدات کە لەسەری دروستکراوە.

## سێیەم: پێشخستنی لای ڕاست:

دایکمان عائیشـــە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ پێی خۆش بوو لای ڕاسـتی پێش بخات لە هەموو شـتێکدا، لە خۆشـۆردندا، قـژ داهێنان، نەعل لەپێ کردن .



## ئادابەکانی پێغەمبەرمان ﷺ لە پێش خواردن وخواردنەوە:

١ ووتنی ((بسم الله)) پێش نان خواردن.

٢ نان خواردن بە دەستی ڕاست.

٣ خواردن لە پێشەوەی خۆت.

٤ خواردنــەوەی ئـاو بە سـێ جـار و فوونەکردنە نـاوی: چونکە پێغەمبەرمان ﷺ قەدەغــەی کردووە لەوەی فوو بکرێتە خواردن وخواردنــەوە ، وە ئەمــەش کارێکی بێزراوە لــە لای خەڵکی و دەبێتە هۆی نەخۆشی، هەر بۆیە ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر تەندروستی تاك و کۆمەڵگا.





٥ پاڵنەدانەوە لە کاتی خواردن و خواردنەوە.

٦ سوپاس و ستایش کردنی خوای گەورە لە پاش تەواو کردنی خواردن و خواردنەوە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (( خوای گەروە لەو بەندەیەی خۆی ڕازی دەبێت کە لە دوای تەواو بوونی خواردن و خواردنەوەی سوپاسی خودا دەکات)) .

لە دوای تەواوکردنی خواردن و خواردنەوە بڵێت: ((الْحَمْدُ للَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي، وَلَا قُوَّةٍ)) .

٧ لێسانەوەی پەنجەکان پاش تەواو کردنی خواردن (ئەگەر بە دەست نان بخورێت .

٨ خواردن و خواردنەوە بە دانیشتنەوە، وە قەدەغەی کردووە لەوەی کە دەم بنرێت بە کوننەوە .

٩ تانه نەدان لە چێشت و بە کەم سەیرنەکردنی.

١٠ زۆر نەخواردن، پێغەمبەرمـــان ﷺ دەفەرمووێت: ((مرۆڤ هیچ شـــتێکی پڕ نەکردووە کە بە ئەندازی پڕکردنی سکی خراپ بێت، تەنها خواردنی چەند پاروویەك بۆ ئەوەی پشـــتی ڕاســـت بێتەوە بەســـە، خۆ ئەگەر هەر ویســـتی بخوات ئەوا با گەدەی بکات بە ســـێ بەشەوە بەشـــێکی خواردن و بەشـــێکی بۆ ئاو و بەشێکی هەناسەدان)) .



## شێوازی دانیشتنی پێغەمبەرمان ﷺ لەکاتی خواردندا:

١ دانیشتن لەسەر ئەژنۆکان و هەر دوو بان پێکان.

٢ پێی ڕاستی دابنێ بە ستوونی و لەسەر پێی چەپی دابنشێت.

٣ بە ڕاکشانەوە خواردن نەخوات.

خۆ ئەگەر پێغەمبەرمان ﷺ لەلای خەڵکی خواردنی بخواردایە هەتا دووعای بۆ نەکردنایە هەڵنەدەستا، پێغەمبەرمان ﷺ جارێك لەماڵی باوکی عبدالله کوڕی بسر نانی خوارد بەم شێوەیە دووعای بۆ کردن:

((اللهم بارك لهم فيما رزقتهم واغفرلهم ورحمهم))

عومەری کوڕی ابوسەلەمە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: لە کاتی خواردندا دەستم دەبرد بۆ هەموو لایەکی قاپەکە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: ((ئەی ڕۆڵە ناوی خوا بهێنە (بسم الله)، و بەدەستی ڕاست و لە پێشەوەی خۆت بخۆ)).

عومەر ووتی: لە دوای ئەوە ئیتر بەو شێوازە خواردنم دەخوارد .

- ڕەفتار جوانی پێغەمبەرمان ﷺ لە پەروەردەکردنی منداڵاندا.

- حەرامێتی خواردن وخواردنەوە بە دەستی چەپ، چونکە جارێکیان پیاوێك بە دەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: (( بە دەستی ڕاستت بخۆ))، پیاوەکە بە خۆبەگەورە زانیەوە ووتی: ناتوانم، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەموو: ((قەت نەتوانی))، خوای گەورە دەستی ڕاستی تووشی ئیفلیجی کرد کە هەرگیز نەتوانێ خواردنی پێ بخوات.

- ووتنی (بسم الله) پێش خواردن وخواردنەوە.

- دەست نەبردن بۆ خواردنی پێش خەڵکی.



**کام شێوازی خەوتن وەکو خەوی پێغەمبەرە ﷺ؟**
**ئایا دەزانیت پێغەمبەرمان ﷺ چۆن خەوتووە؟**
**پێغەمبەرمان ﷺ لە چ کاتێکی شەودا دەخەوت؟**

پێغەمبەرمان ﷺ لە دوای نوێژی عیشــا دەخەوت پاشــان لە نیوەی شــەودا هەڵدەستا شــەونوێژی دەکرد، پاشــان دەخەوتەوە هەتا وەکو کەمێك پێش نوێژی بەیانی.

شێوازی خەوتنی پێغەمبەرمان ﷺ
چۆن بوو؟

پێغەمبەرمان ﷺ ئەگەر بیویســتایە بخەوێت دەست نوێژی دەگرت، دواتر زیکری خوای دەکرد تاوەکو دەخەوت.
هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ لەســەر لای ڕاســتی دەخەوت و ناولەپی ڕاستی دەخستە ژێر گۆنای ڕاستی.
ئەگەر لە گەشــت بوایە و بیویستایە بخەوێت لە پێش نوێژی بەیانی باڵی بە ســتوونی دادەنا و سەری لە ناو دەســتی دادەنا ، ئەمەش بۆ ئەوەی خەو نەیباتەوە و نوێژی بەیانی لە دەست بچێت.



هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ قەدەغەی کردووە کە لە سەر سك بخەوین، بەڵام خەوتن لەسەر پشت درووستە. عه ببادی کوڕی تەمیم لە مامی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ((پێغەمبەری خوام ﷺ بینی ڕاکشابوو لە مزگەوت لەسەر پشت و پێیەکی لەسەر پێیەکی تری دانابوو))

وە لەئاکارەکانی پێغەمبەرمان ﷺ لەکاتی خەوتن ئەوە بوو کە پێش ئەوەی بخەوێت جلەکەی دەتەکاند.

## پێغەمبەرمان ﷺ لەسەر چی دەخەوت؟

هەندێ جار لەسەر ڕاخەر و هەندێ جار لەسەر حەسیر و هەندێ جار لەسەر زەوی و هەندێ جاریش لە شوێنی خەوتن دەخەوت.

**زانیاری**

لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە کە خەوتن لە سەر لای ڕاست پەستانی جگەر لەسەر گەدە ناهێڵێت، وە یارمەتی هەرسکردن دەدات وە کاری دڵ ئاسان دەکات.

## زیکری خەوتن

حوزەیفەی کوڕی یەمان دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بیویستایە بخەوێت دەیفەرموو:

((بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا)).

وە لە کاتی هەستان لە خەو دەیفەرموو:

((الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ)).

واتای (وإليه النشور).

النشور: بریتیە لە زیندووبونەوە و هەستانەوە لە گۆڕ لە پاش مردن.

ئەم زیکرە نیعمەتی ژیانمان بە بیر دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی لە پەرستنی خودا بەسەری بەرین، هەروەها ڕۆژی دوایمان بیر دێنێتەوە بەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆی بە کردەوەی چاکە.

دەسپێك

(السـلام) ناوێکە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، خودای گەورە کردوویەتی بە سڵاوی موسڵمانان لە نێو خۆیان.

سڵاوی پێغەمبەرمان ﷺ

## پێغەمبەرمان ﷺ چۆن سڵاوی دەکرد؟

## السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

پیاوێـك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: (السـلام عليكم)، پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (دە)، پیاوێکی تریش هاتـە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ووتی: (السـلام عليكم ورحمة الله)، پێغەمبەریـش ﷺ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (بیسـت)، پیاوێکی تر هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ووتی: (السـلام عليكم ورحمة الله وبركاته) پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (سی).



## چۆنیەتی سڵاوکردنی پێغەمبەرمان ﷺ:

پێغەمبەرمان ﷺ ئەگەر بگەشتایە بە هەر کەسێ سڵاوی دەکرد تەنانەت منداڵیش ببوایە.

پێغەمبەرمان ﷺ لە کاتی سڵاو کردن دەنگی هەڵدەبڕی بە ڕادەیەك کەسی خەوتوو بەخەبەر نەبێتەوە.

میقداد دەڵێت: ((شەوان کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەهات سڵاوی دەکرد بە ڕادەیەك کە کەسی خەوتوو بەخەبەر نەبێتەوە و کەسی بە ئاگاش بیبیستێ)).

# گەورەیی سڵاوکردن

## دەسپێك

**محمد** تەماشـای دەكرد كە ئەنەسی هاوڕی سڵاو ناكات لە كاتی بینینی كەسـانی تر، لە بری سـڵاوكردن تەنها دەیووت: بەیانیتان باش ، ئێوارەتان باش، دەنگوباستان.

**محمد پێی ووت:** ئەی ئەنەس تۆ كە سڵاو ناكەیت خێرێكی زۆرت لە دەست دەچێت،

**ئەنەس ووتی:** چۆن؟

**محمد:** با ئەم فەرموودەیە بخوێنینەوە:

ئەبوهوریـرە دەڵێـت: پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: **ناڕۆنە بەهەشـتەوە هەتـا باوەڕنەهێنـن، باوەڕتانیش تـەواو نییە هەتا یەكترتان خۆش نەوێت، ئایا شتێكتان پێبڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەكترتان خۆشدەوێت؟ سڵاو لە یەكتر بكەن.**



**دەسپێک**

ئیسلام ئاینێکی گەورەیە هەوڵدەدات خۆشبەختی و تەبایی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە و ڕەچاوی کاروباری تایبەتییان بکات، لەم پێناوەش چەندین حوکمی باس کردووە.

**پێغەمبەرمان ﷺ چۆن داوای مۆڵەتی دەکرد؟**

پێغەمبەرمان ﷺ ئەگەر بیویستایە سەردانی کەسێک بکات سێ جار داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی دەکرد، ئەگەر ڕێگەی پێبدرایە دەچووە ژوورەوە ، وە ئەگەر وەڵام نەدرایەوە دەگەڕایەوە.

سوننەتە ئەوکەسەی داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوە دەکات بەرامبەری دەرگا نەوەستێ، پێغەمبەرمان ﷺ کاتێک سەردانی ماڵی کەسێکی بکردایە لەلای چەپی دەرگا یاخود لە لای ڕاستییەوە ڕادەوەستا .




## شێوازی داواکردنی مۆڵەت بۆ چوونە ژورەوە:

پێغەمبەرمان ﷺ ئەگەر بیویستایە داوای مۆڵەتی چوونە ژورەوە بکات دەیفەرموو: (السلام علیکم، بێمە ژورەوە)، وە هاوەڵانیشی بەم شێوەیە فێر دەکرد، جارێکیان پیاوێك لە هۆزی بەنی عامر هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی: بێمە ژورەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ بە خزمەتکارەکەی فەرموو: (( برۆ فێری بکە چۆن داوای مۆڵەت وەرگرتن بکات، پێی بڵێ، باوەکو بڵێت: (السلام علیکم، بێمە ژورەوە)، پیاوەکەش گوێی لەمە بوو ووتی : ( السلام علیکم) بێمە ژورەوە، پێغەمبەریش ﷺ مۆڵەتی پێدا .

سوننەتە ئەگەر ووترا: کێ لە دەرگا دەدات؟ ناوی خۆت بهێنیت بۆ ئەوەی بناسرێیت، وە نەڵێت : منم یان خۆمانین.

## لە چ شوێنێك داوای مۆڵەت بکەین:

- أ لە کاتی ڕۆشتن بۆ هەر ماڵێك.
- ب لە کاتی ڕۆشتن بۆ ژووری هەر کەسێك.



# ئادابی مۆڵەت وەرگرتن

دەسپێك

هێمن سەردانی محمدی هاوڕێی کرد، کاتێ گەشت بە ماڵی هاوڕێکەی زۆر لە دەرگا و جەرەسی دا،

باوکی محمد بە خێرایی هات و دەرگای کردەوە، پاشان سڵاوی لە هێمن کرد و ووتی: کورِم چۆن بەم شێوەیە داوای مۆڵەت دەکەیت!


هێمن: وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و ووتی: ببورە مامە.

باوکی محمد: ئایا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرت ﷺ نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە لە بارەی چۆنییەتی مۆڵەت وەرگرتن؟

هێمن: نەخێر.

باوکی محمد: فەرموو وەرە ژورەوە با بۆتی باس بکەم.

هێمن ڕۆشتە ژورەوە و محمدی هاوڕێی بینی و سڵاوی لێکرد،



باوکی محمد:

پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

((داواکردنی مۆڵەت سـێ جارە، یان ئەوەتا فەرمووت لێ دەکەن یان دەگەڕێیتەوە)) .

هێمن: مامە گیان، ئەمەوێ ئەم فەرموودەیەم بۆ ڕوون بکەیتەوە.

محمد: بەڵێ ئەی باوکە، مەبەسـت بەوە چییە کە دەبێت سـێ جار مۆڵەت وەربگرین؟

باوك: هەتا سێ جار داوای چوونە ژوورەوە دەکەیت؟

هێمن: مەبەست بە سێ جار چییە؟

باوك: واتا داوای مۆڵەت بکەیت بە قسە بێت یان بە لێدان لە دەرگا یان بە جەرەس لێدان. نەوەك بە پەنجە خستنە سەر جەرەس بە بەردەوامی.

محمد : ئایا ئەبێ سێ جار بەدوای یەکدا بێت؟

باوك: نەخێر، بەڵکو باش وایە نێوانی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسـەی لە ماڵەوەیە بتوانێت خۆی ئامادە بکات و ناوماڵ ڕێکبخات.

هێمن: ئەگەر دوای سێ جار وەڵام نەدرامەوە؟

باوك: دەگەڕێیتەوە، چونکە لەوانەیە خاوەن ماڵ سەرقاڵ بێت .

محمد: بەڵام لە وانەیە گوێی لێی لە دەرگا نەبووبێت.

باوك: ئەگەر زانیت گوێی لێ نەبووە ، دەتوانی زیاتر بدەیت لە دەرگا بۆ ئەوەی بە ئاگا بن.

باوك: بەڵام کوڕی خۆم لەکاتی لە دەرگا دان لە کوێ دەوەستی؟

هێمن: لە بەرامبەر دەرگا.

باوك: نەخێر، نابێت لە بەرامبەر دەرگا بوەستیت.

محمد: کەوابوو لە کوێ بوەستێت؟

باوك: لە لای ڕاستی دەرگا یا خود لەلای چەپی، بۆ ئەوەی چاومان بە ناوماڵیان نەکەوێت پێش ئەوەی مۆڵەتمان بدەن.

هێمن و محمد: جزاك الله خيرا (خوا پاداشتی بەخێرت باتەوە)



## لە کۆتاییدا فێربووم کە:

- ئیسلام جەخت دەکاتەوە لە جێ بەجێ کردنی مافەکانی خەڵکی و پاراستنیان.
- پێش ئەوەی بڕۆینە هەرماڵێکەوە پێویستە لە دەرگا بدەین.
- لە دوای سێ جار لە دەرگا دان پێویستە بگەڕێینەوە.

دەسپێك

گوفتار و قسە هۆکارە بۆ بە دەستهێنانی خۆشی یان ناخۆشی، لە نێو خەڵکیشدا هەیە زۆر قسە دەکات وە هەیە کەم قسە دەکات، هەشە بە خراپی و هەشە بە باشی، کەوابوو پێغەمبەرمان ﷺ چۆن قسەی دەکرد؟



شێوازی قسەکردنی پێغەمبەرمان ﷺ

١ لەسەر خۆ قسەی دەکرد.

٢ جاروبار سێ جار دووبارەی دەکردەوە بۆ زیاتر تێگەشتن.

٣ دەنگی نە زۆر بەرز بوو نە زۆر نزم بوو.

٤ ووتەی نەشیاوی هەرگیز بەکارنەدەهێنا.

٥ جگە لە ڕاستی هیچی نەدەووت، هەرکەسێك لە خزمەتی بوایە و گوێ لێبگرتایە دەیزانی ڕاستگۆیە.

دەسپێك

لە ئاكاری پێغەمبەرمان ﷺ هەڵبژاردنی ووشـەی جوان و ڕەوان بـوو، هەر بۆیـە خۆی لە ووتـەی ناشرین دەپاراسـت، بە دایکە عائیشـەی دەفەرموو: ((ئەی عائیشـە نەرم ونیان بە و خۆت لە توندی و قسەی نابەجێ بپارێزە)) .

هاوەڵی خۆشەویست ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: ((پێغەمبەری خوا ﷺ جنێو وقسەی خراپی نەدەوت و لەعنەتی لە کەس نەدەکرد)) .

عبداللـە ی کوڕی عەمـر دەڵێت: ((پێغەمبەری خـوای ﷺ هەرگیز ووتەی نابەجێی نـەدەووت و لە کاتـی ناڕەحەتکردندا هەر ووتەی نابەجێی نەدەووت.

وە دەی فەرموو: باشترینتان ئەوانەن کە ڕەوشتیان جوانە)) .





## له سوودەکانی ئەم فەرموودەیە

- پێغەمبەرمان ﷺ تەواوترین و جوانترین ئاکاری هەبوو لە خۆبەدوورگرتن لە ووتەی خراپ.
- ڕەوشت جوانی دەبێتە مایەی ڕازی بوونی خوای پەروەردگار پاشان خۆشەویستی خەڵکی.
- موسڵمان دەبێت وەکو پێغەمبەرەکەی ﷺ بێت لە ئاین وڕەوشتی.


دەسپێك

ئایا پێت خۆشە هاوڕێکەت چۆن بێت، تورە بێت یاخود ڕووخۆش بێت؟
ئایا خەڵکی پێیان خۆشە لەگەڵ کەسی تورە دابنیشن یاخود کەسی ڕووخۆش؟

## وەرن با فێربین کە پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن پێدەکەنی

١ پێکەنینی پێغەمبەرمان ﷺ بریتی بوو لە بزەی سەر لێوان.
جابری کوڕی سەمورە(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: زیاد لە سەد جار لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتووم، هاوەڵانی شیعریان دەوت و باسی سەردەمی نەفامیان دەکرد، پێغەمبەری خوایش ﷺ قسەی نەدەکرد و جاروباریش بزەی پێکەنینی دەکرد.

٢ پێغەمبەرمان ﷺ هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو: عبدالله کوڕی حارث دەڵێت: ((هیچ کەسێکم نەبینی بە ئەندازەی پێغەمبەری خوا ﷺ بزەی پێکەنین لە سەر لێوی بێت))، هەربۆیە هاوەڵانی کە پێدەکەنین دەنگیان هەڵنەدەبڕی ئەمەش وەکو ڕێزگرتنێك بۆ پێغەمبەرمان ﷺ.



٣ پێغەمبەرمان ﷺ ئەگەریش پێبکەنیایە ددانی ژێری دەردەکەوت و دەنگی هەڵنەدەبڕی، دایکە عائیشە دەڵێت: ((هەرگێز پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە پێنەدەکەنی کە زمانە بچکۆلەی دەربکەوێت)). واتە: دەنگی بەرز نەدەکردەوە لە کاتی پێکەنین.

٤ پێغەمبەرمان ﷺ لە کاتی گەشتنی بە هاوەڵانی دەم بە پێکەنین بوو.

جەریری کوڕی عبدالله دەڵێت: ((هەر کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ پێم بگەشتایە پێدەکەنی بە ڕوومدا)) ، پێکەنین و ڕووخۆشی بە ڕووی موسڵمانان‌دا دەبێتە چاکە، پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: ((بە ڕوو خۆش بوون بەرامبەر براکەت خێر و چاکەت بۆ دەنوسرێت)).

دەسپێک

ئایا هەرگیز تۆ بە گاڵتەکردنی هاوڕێکانت توڕەبووی؟
ئایا کەسیان بە ناشرینی گاڵتە دەکەن؟
ئایا ئەو گاڵتەکردنە نابێتە هۆی ڕق وکینە؟
وەرن با بزانین پێغەمبەرمان ﷺ چۆن گاڵتەی دەکرد؟



لە جوانی ڕەفتاری پێغەمبەرمان ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی ئەوە بوو کە گاڵتەی خۆشی لەگەڵ دەکردن، پێغەمبەرایەتی و گەورەی پەیامەکەی ﷺ ڕێگر نەبوون لە گاڵتەکردن لەگەڵ هاوەڵاندا.

## گاڵتەکردنی لەگەڵ هاوەڵانی:

پیرەژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەرمان ﷺ و ووتی: ((ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دوعام بۆ بکە خوا بمخاتە بەهەشتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((دایکی فلان، پیرەژن ناڕواتە بەهەشتەوە))، پیرەژنەکەش ڕۆشت و دەستی کرد بەگریان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (( پێ ڕابگەیەنن کە بە پیری ناڕاواتە بەهەشتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ((إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً))، واتە: ئێمە ژنانی بەهەشت بە گەنجی درووستکردوون .

## گاڵتەکردنی لەگەڵ منداڵاندا

جارێکیان پێغەمبەرمان ﷺ منداڵێکی بینی کە خەمبار بوو، چونکە باڵندەکەی مردارەوە بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئەی ئەبوو عومەیر چی بەسەر نوغەیر هات!) ، نوغەیر جۆرە باڵندەیەکە.

دایکی خالدی کچی خالدی کوڕی سـعید دەڵێ: لەگەڵ باوکم هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کراسێکی زەردم لەبەربوو، پێغەمبەری خوا ﷺ بە زمانی حەبەشـی پێی فەرمووی: جوانـە ، جوانە، دەڵێت دەسـتم برد بە مـۆری پێغەمبەرایەتییەکەی ﷺ یاریـم پێ ئەکەرد، باوکم ڕێگری لێکردم، پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمووی: **وازی لێبێنە، پاشان فەرمووی: تەمەن درێژبی، تەمەن درێژبی، تەمەن درێژبی))** .

هاوەڵان ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ گاڵتەمان لەگەڵ دەکەیت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: **((گاڵتەکانی من ڕاستییە))** .



# بەشی سێیەم

**دەسپێك**

لە گرنگترین سیفاتی پەیامبەران ﷺ ڕاستگۆییە، چونكە پەیامێكیان پێیە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، خۆ ئەگەر ڕاستگۆ نەبن، چۆن پەروەردگار ئەو بەرنامە و پەیامەیان پێدەدات؟! چۆن خەڵكی باوەڕیان پێدەكات؟! بۆیە دیارترین سیفاتی پێغەمبەرمان ﷺ لە پێش ئیسلام ڕاستگۆیی بووە، هەر لەبەر ئەمەشە بە ڕاستگۆ ناسراو بوو.

## چەند وێنەیەك لە ڕاستگۆی پێغەمبەرمان ﷺ

ڕاستگۆیی یەكێك بووە سیفاتە جوانەكانی پێغەمبەرمان ﷺ پێش هاتنی ئیسلامیش، كاتێك بۆ یەكەم جار جبرائیل ﷺ سروشی (وەحی) هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ هەندێک ترسا بۆیە دایكە خدیجە بە پێغەمبەری ﷺ ووت: ((مژدەت لێبێ، سوێند بێت بە الله، خوا ئابڕووی تۆ نابات، چونكە تۆ كەسێكیت پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنیت، و كەسێكی ڕاستگۆیت، و ڕێز لە میوان دەگریت، و یارمەتی كەسانی لێقەوماو دەدەیت)) .

دوژمنانیش شایەتی ڕاستگۆییان بۆ پێغەمبەرمان ﷺ داوە، ابن عباس ﷺ دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی کە خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ)، واتە: سەرەتا خزمە نزیکەکانت ئاگادار بکەرەوە.



پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر کێوی صفا، فەرموو:

ئەی... نەوەکانی فیهر

ئەی ... نەوەکانی عەدی


بانگی هۆزەکانی قورەیشی کرد، ئەوە بوو هەموویان کۆبوونەوە، بەو ڕادەیەی ئەگەر کەسێك خۆیشی نەڕۆشتبایە کەسێکی تری دەنارد لە بری خۆی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئایا ئەگەر ئێستا هەواڵتان


پێ بدەم کە چەند ئەسپ سوارێك دەیانەوێت هێرش بهێنن بۆ سەرتان باوەڕم پێ دەکەن؟

ووتیان: بەڵێ، لە ڕاستی زیاتر هیچی ترمان لە تۆ نەبیستووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دە کەوا بوو بزانن کە من نێردراوم بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکەمەوە لە سزایەکی سەخت کە لە پێشتانە)).

پێغەمبەرمان ﷺ لە هەموو ووتەکانیدا ڕاستگۆ بوو، تەنانەت لە کاتی گاڵتە کردنیشدا هەر ڕاستگۆ بوو، هاوەڵان پێیان ووت، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆ تۆ گاڵتەمان لەگەڵ دەکەیت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((بەڵێ، بەڵام گاڵتەکانی من هەر ڕاستیە)).






- **هونەر** لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ چالاکی وەرزشی پارەکانی خۆی لە لای **محمدی** هاوڕێی دادەنا، چونکە محمد کەسێکی دەست پاك بوو.
- **ئادەم** داوای ئامێرێکی کردبوو لە **ئەحمەدی** هاوڕێی کە بیخاتە لای بۆ چەند ڕۆژێك **ئەحمەدیش** ئامێرەکەی پێدا چونکە دەیزانی **ئادەم** کەسێکی دەست پاکە.
- **مەریەم** کێشەکانی خۆی لە لای **زەینەبی** هاوڕێی باس دەکات، چونکە متمانەی پێی هەیە و نهێنی پارێز و دەست پاکە.

## چەند وێنەیەك لە دەست پاكی پێغەمبەرمان ﷺ پێش بوونی بە پێغەمبەر

ساڵێك لە ساڵەكان بە هۆی هاتنی لافاو و بارینی بارانەوە، دیوارەكانی كەعبەی پیرۆز دارما، بۆ ئەم مەبەستەش خەڵكی مەككە دەستیان كرد بە دروستكردنەوەی كەعبە، كاتێك وویستیان بەردە ڕەشەكە ببەنەوە جێگای خۆی، جیاوازی كەوتە نێوانیان بە ئەندازێك خەریك بوو شەڕ هەڵبگیرسێ لە نێوانیان، ئەوە بوو وتیان: هەركەسێك یەكەم جار لە دەرگا هاتە ژوورەوە دەبێتە دادوەر لە نێوانماندا، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ژورەوە، كە هۆزەكانی مەككە بینیان محمد ﷺ، هەموویان ئارام بوونەوە و وتیان: ئەوە محمدی سەر ڕاست و دەست پاكە، هەر بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ پێش بوونی بە پێغەمبەر لە نێو خەڵكیدا بە محمدی دەست پاك بە ناوبانگ بوو.

هەروەها خەڵكی شاری مەككە ئەگەر بیانویستایە گەشت بكەن

شـتومەکەکانی خۆیان لـە لای پێغەمبەری خـواﷺ دادەنا، کاتێك پێغەمبەری خواﷺ ویستی کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە فەرمانی بە عەلی کـوڕی أبو طالب کرد بەوەی کە ئەو شـتانە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیـان کە لای دانرابوون، هەر بۆیـە عەلی کوڕی أبو طالب پێنج شـەو و ڕۆژ مایـەوە تاوەکو بە تەواوی شـتەکانی گەڕاندەوە بۆخەڵکی .



## چەند وێنەیەك لە دەست پاكی پێغەمبەرمانﷺ پێش بوونی بە پێغەمبەر

گەورەترین بەڵگە لەسەر دەست پاکی و سەر ڕاستی پێغەمبەری خواﷺ بریتی بوو لە گەیاندنی ئاینی ئیسلام وەکو خۆی بەبێ زیاد و کەم، هەر شتێك خێری تێدا بێت هانی ئوممەتەکەی داوە بۆ ئەنجام دانی، وە هەر شتێك خراپەی تێدا بێت ئوممەتەکەی لێ وریا کردۆتەوە، وە لە حەجی ماڵئاوایدا خەڵکی شایەتی بۆدا کە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێناوە و ئاینی پەروەدگاری وەکو خۆی گەیاندوە، جابری کوڕی عبداللهﷺ دەڵێت: لە ووتاری ڕۆژی عەرەفەدا پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەی ئوممەتەکەم ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی من لە وەڵامدا چی دەڵێن؟ ووتمان: شایەتی دەدەین کە تۆ پەیامەکەت پێ ڕاگەیاندین و جێبەجێت کرد و دڵسۆز و خەمخۆریت نواند، پێغەمبەریشﷺ بە پەنجەی شایەتومانی ئاماژەی بەرەو ئاسمان کرد و بەرزی کردەوە و ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: ((ئەی خوایە شایەت بە، ئەی خوایە شایەت بە) سێ جار ئەمەی فەرموو)) .

دەسپێك

ئایا نەرم و نیانی چڵەپۆپەی ڕەوشت جوانییە؟
پێغەمبەری خوا ﷺ تا چ ڕادەیەك نەرم و نیان بوو؟

چەند وێنەیەك
لە نەرم و نیانی
پێغەمبەر ﷺ و
هاوەڵانی

طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی و هاوەڵان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هـۆزی دەوس ڕەتی دەکەنەوە ببنە موسـڵمان، داوا بکە لە خوا لەناویان بەرێت، هاوەڵانیش لە نێوخۆیان دەیان ووت: هۆزی دەوس ئیتر لە ناوچوو، مەبەستیان ئەوە بوو ئەگەر پێغەمبەر ﷺ دوعایان لێبکات لە ناودەچن.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: خودایە هیدایەتی هۆزی دەوس بدەیت، بـە موسـڵمانی بیانهێنی بۆ لام، ئـەوە بوو طوفەیل چـوو بۆ لایان و بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام، ئەوانیش بوون موسڵمان .

## واتای نەرم ونیانی:

**بریتییە:** لە ئـارام گرتن و هەڵنەچـوون، جێبەجێکردنی کارەکان بە ژیرانە.

نەرمونیانی یەکێکە لە ڕەوشتە جوان و بەرزەکان کە کەسە ژیرەکان هەوڵـی بە دەسـتهێنانی دەدەن و خۆیان لەسـەری ڕادەهێنن، ئەگەر کەسـێك هەڵەی بەرامبەرت ئەنجامدا ئەوا تۆ ئەم ڕەوشتە لە خۆتدا جێبەجێ بکە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کەس بە ڕەوشـت تر بووە و لە هەموو کەس نەرم ونیان تر بوو.



### زانیاری


- تورەیـی دژی نەرم و نیانیـە، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕەوشـتە خراپەکان.

### چارەسەری تورەیی

- پەناگرتن بە خوا لە شەیتانی نەفرین لێکراو.
- گۆڕینـی شـێوازت ( ئەگەر بـە پێوەبیـت دابنیشـە، ئەگەر دانیشتبوویت ڕابکشێ).
- بێدەنگی و قسەنەکرن هەتا تورەیەکەت نامێنێت.
- دەست نوێژگرتن.
- نوێژکردن.

## دەسپێك

خوای گەورە ستایشی پێغەمبەرەکەی کردووە بەوەی کە میهرەبانە بۆ باوەڕداران هەر وەکو دەفەرمووێت: (بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) بەرامبەر ئیماندارن زۆر دڵسۆز و بە بەزەییە، هەروەها پەیامەکەشی پەیامێکی میهرەبانییە بۆ هەموو خەڵکی هەر وەکو خوای گەورە دەفەرمویێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)، واتە: تۆمان بە ڕەحمەت ناردووە بۆ هەموو خەڵکی، ئەم میهرەبانییەی پێغەمبەرﷺ باوەڕدار و بێباوەڕ دەگرێتەوە، لە ئافرەتان و پیاوان و گەورە و بچوك ، و مرۆڤ و گیانداران.



## چەند وێنەیەك لە میهرەبانی پێغەمبەرمان ﷺ

### میهرەبانی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ خێزان و منداڵەکانی:

ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: هیچ کەسێکم نەبینیوە بە ئەندازی پێغەمبەری خوا ﷺ میهرەبان تر بێت بۆ کەس وکارەکەی، ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر ﷺ لە لای ئافرەتێکی شیرە خۆر لە مەدینە شیری دەخوارد، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی دەچوو بۆ لای ماچی دەکرد و دەگەڕایەوە.

ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: جاری وا هەیە کە دەست بە نوێژ دەکەم، ئەمەوێ درێژی بکەمەوە، بەڵام لە پڕێکدا گوێم لە گریانی منداڵێك دەبێت نوێژەکەم خێرا دەکەمەوە، چونکە دەزانم ئەو دایکە چەند دڵی لای منداڵکەیەتی و پێی خەمبار دەبێت .



## میهرەبانی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر گەنجان:

باوکی سلیمان مالکی کوڕی حوەیرث دەڵێت: (کومەڵە گەنجێکی هاوتەمەن بووین (بۆ فێربوونی ئیسلام هاتبووین) بیست شەو لە خزمەتی پێغەمبەرﷺ ماینەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هەستی کرد بیری کەس وکارمان دەکەین، پرسیاری لێکردین کێتان بەجێهێشتووە لە کەس وکارتان؟ ئێمەش پێمان ڕاگەیاند، پێغەمبەری خوایشﷺ کەسێکی میهرەبان و هەست ناسك بوو، بۆیە فەرمووی: بگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کارتان و فێریان بکەن فەرمانیان پێ بکەن و نوێژ بکەن چۆن منتان بینی نوێژ دەکەم.



## میهرەبانی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر گیانداران:

جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ دای بە لای وشترێکدا بینی پشتی لکاوە بە سکییەوە لە برسێتیدا، فەرمووی: لە ئاستی ئەم گیاندارانەدا لە خوای گەورە بترسن، بە جوانی سواریان بن و خواردنیان بە باشی پێ بدەن.

عبدالله کوڕی مەسعود دەڵێ: لە گەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەفەردا بووین، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشت بۆ لای کارەکانی، ئێمەش باڵندەیکمان بینی دوو بێچووی هەبوو، بێچووەکانمان برد، دایکەکەیان نزیك دەبوویەوە لێمان و باڵەکانی دەجوڵاند، پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەمەی بینی فەرمووی: ((کێ ئازاری جەرگی داوە و بێچووەکانی بردوە؟ بێچووەکانی بۆ بگەڕێننەوە)).

هەروەها کاتێك بینی کە شارە مێرویەکمان سوتاندووە، فەرمووی: کێ سوتاندوویەتی؟ وتمان: ئێمە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نابێت هیچ کەسێك سزا بە ئاگر بدات جگە لە پەروەدگاری ئاگر نەبێت .



## کاریگەری میهرەبانی لە نێوان موسڵماناندا:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە موسڵمانان کردوە کە لە نێو خۆیان میهرەبان بن، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی برایەتی نێوان موسڵمانان و نەهێشتنی ئیرەیی و ڕق و کینە، هەروەها میهرەبانی وادەکات کە ببین بە یەك جەستە، هەر لەم بارەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((نمونەی باوەڕداران لە خۆشەویستیان و میهرەبانیان و سۆزیان بۆ یەکتری وەکو یەك جەستەن، ئەگەر ئەندامێکیان ئازاری هەبێت هەموو ئەندامەکانی جەستەیان ئازاری هەیە)) .

دەسپێك

شەرم کردن بنەما و هاندەری ڕەوشتە جوانەکانە، ڕاستگۆی، دەروون پاکی، نەرم و نیانی.......هتد، هەموو سەرچاوەکانیان شەرم کردنە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کەس بە شەرم تر بوو، کەوا بوو مەبەست بە شەرم کردن چیە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر شەرمی بکردایە چۆن دەبوو؟

## پێناسەی شەرم کردن

**شەرم کردن:** ڕەوشتێکە هاندەرە بۆ کارە جوانەکان و دوورکەوتنەوە لە خراپە.



مرۆڤ بە هۆی شەرمەوە جوان دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کاروکردەوە چاك و جوانەکان ئەنجام بدەیت.


بەڵام ئەنجام نەدانی چاکە بە بیانووی شەرمەوە، وەك: گفتوگۆنەکردن لەگەڵ میوان، پێی ناوترێ شەرم، بەڵکو کەم ڕووی و دورە پەرێزییە.

((پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە شەرم بوو، خۆ ئەگەر حەزی بە شتێك نەبوایە لە ڕواڵەتیەوە دەرئەکەوت)) .

## چەند وێنەیەك لە شەرمی پێغەمبەرمان ﷺ

ئەگەر لە لای پێغەمبەر ﷺ هاوەڵان گلەی و گازندەیان لە کەسێك بکردایە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستەوخۆ قسەکانی ئاڕاستە نە دەکرد، بۆ ئەوەی هەستی بریندار نەکات لە لای کەسانی تر، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ باسی دەکرد، بەبێ ئەوەی کەس دەستنیشان بکات، بۆ نموونە دەیفەرموو ﷺ: ئەوە چییە کۆمەڵە خەڵکانێك: وادەڵێن وا دەڵێن .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ هەرگیز بە قسە ئازاری کەسی نەدەدا، ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: (( پێغەمبەری خوا ﷺ جنێودەر نەبوو، نەفرینکار نەبوو، قسەی نابەجێی نە دەفەرموو)) .




## پێناسەی ئارامگرتن:

**ئارامگرتن:** بریتییە لە گرتنەوەی دەروون و زمان و ئەندامەکان لەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردووە.

پێغەمبەرمـــان ﷺ یەکێکە بوو لە پێغەمبــەرە ئارامگرەکان، بە ئارام بوو لەسەر ئازارەکانی گەلەکەی، زۆریش بە ئارام بوو لە گەیاندنی ئاینی ئیسلام، و نارەحەتییەکانی دونیا.

چەند وێنەیەك لە ئارامی پێغەمبەرمان ﷺ لە شاری مەککەدا:



عوروەی کوڕی زوبیر دەڵێت: پرسیارم لە عبدالله کوڕی عەمر کرد دەربارەی قێزەونترین کاری بێباوەڕان بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ، لە وەڵامدا ووتی: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، عوقبەی کوڕی أبي موعیط هات جلەکەی توند ئاڵاند بە ملی پێغەمبەرەوە ﷺ، لەکاتەدا ئەبوبەکر هات و پاڵێکی بە عوقبەوە نا، وە پێی ووت: باشە ئێوە ئەتانەوێ پیاوێك بکوژن کە دەڵێت الله خوامە، لە کاتێکدا چەندین بەڵگە و نیشانەی لە لایەن خوای پەروەرگارەوە بۆ هێناون .

عوتبەی کوڕی غەزوان دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووین ﷺ هیچ خواردنمان نەبوو، لە نارەحەتی برسێتیدا، گەڵای دارمان دەخوارد، لێوەکانمان هەمووی خوێنی لێدەهات .



## چەند وێنەیەك لە ئارامی پێغەمبەرمان ﷺ لە شاری مەدینە:

لە جەنگی بەدر پێغەمبەر ﷺ دەم و چاوی بریندار بوو، ددانی شـكا، فاتیمەی كچی برینەكانی دەشـۆرد و عەلی كـوڕی أبو طالب ئاوی بەسەردا دەكرد، بەڵام سودی نەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ خوێنی زیاتری لێدەهات، بۆیە پارچە حەسـیرێكی سوتاند و خستیە سەر برینەكەی بەم شێوەیە خوێنەكەی ڕاوەستا .

پێغەمبەرمـان ﷺ پێـش ئەوەی كۆچـی دوایی بكات نەخۆشـی و ئازارێكـی توندی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشـدا هـەر ئارامی دەگرت بە ئومێدی پاداشـت لەلای خوای گەورە، دایكە عائیشـە دەڵێت: هیچ كەسـێكم نەبینیوە ئەوەندەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئـازاری هەبێت، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ ئازارت زۆرە، فەرمووی: ((بەڵێ، هەر موسڵمانێك تووشی ئازارێك ببێت ئەوا خوای گەورە گوناهەكانی دەوەرێنێت، وەكو وەرینی گەڵای دار)) .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە شـەونوێژی دەكر هەتا پێیەكانی شەقی دەبرد .

# بەرهەمی ئارامگرتن



أحمد بەهۆی ڕووداوێکەوە دەستی شکا، خالدی هاوڕێی سەردانی کرد بینی أحمد زۆر خەمبارە، بۆیە دڵنەوایی أحمدی هاوڕێی دەکرد و دوعای چاکبونەوەی بۆ دەکرد، پێی ڕاگەیاند کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: سەر سوڕمانم بە کاری باوەڕدار، چونکە هەموو کارەکانی بە خێر بۆ دەنوسرێت، ئەمەش تەنها بۆ باوەڕدارە، ئەگەر تووشی خۆشی بێت سوپاسی خوای لەسەر دەکات بە خێر بۆی دەنووسرێت، ئەگەر تووشی ناخۆشی بێت ئارام دەگرێت هەر بە خێر بۆی دەنوسرێت .

واتاکانی ئەم فەرموودەیە:

- عجبا لأمر المؤمن: کارەکانی باوەڕدار شـــایەنی سەرسوڕمانە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا خێری بۆ دەنوسرێ.
- و لیـــس ذلك لأحـــد إلا للمؤمن: واتا: ئەمـــە تەنها بۆ بـــاوەڕدارە، وە (بێبـــاوەڕان ودووڕوان) لـــە کاتی خۆشـــی وناخۆشـــی چاکەیان بۆ نانووسرێت، چونکە لە کاتی خۆشیدا سوپاسی خودا ناکەن، لە کاتی ناخۆشیدا ئارام ناگرن.
- إن أصابته سراء: وەك: لەش ساغی، تەندروستی، پارە و ماڵ...هتد.
- وإن أصابته ضراء: وەك نەخۆشی، هەژاری ...هتد.




## موسـڵمان چۆن لەکاتی خۆشـی و ناخۆشـیدا هـەر خێری بۆ دەنووسرێت؟

بـــاوەڕدار لە کاتی خۆشـــیدا ســـوپاس گوزاری خوایە لەســـەر ئەو نیعمەتانەی پێی بەخشـــیوە، و لە تاوانـــدا بەکاری ناهێنێت، بۆیە ئەم ســـوپاس کردنەی بە خێر بۆ دەنووسرێت، خۆ ئەگەر تووشی ناخۆشی و بـــەڵا هات، تورە نابێت و نـــاڕازی دەرنابڕێت، بەڵکو ئارام دەگرێت لەسەری، ئەمەش بە خێر بۆی دەنووسرێت.

## لەم فەرموودەوە فێر دەبین:

- باوەڕدار هەمیشە لە خێردایە.
- سوپاس کردن لەسەر نیعمەتەکانی خودا لە ئاکاری باوەڕدارە.
- ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتییەکان لە ئاکاری باوەڕدارە.
- باوەڕهێنان هۆکارە بۆ ئارامی و جوان ڕەفتارکردن.



دەسپێك

خۆ بەکەم زانین یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکان، ئاینی ئیسلام هانی موسڵمانانی داوە و پێغەمبەرمان ﷺ فەرمانی پێی کردووە، جێبەجێکردنی کارەکان لە لایەن خۆتەوە و هەڵسوکەوت کردن بە نەرمی و بەکەم نەزانینی خەڵك بەشێکن لە خۆبەکەم زانین.

## چەند وێنەیەك لە خۆبەکەم زانینی پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەری خوا ﷺ لەماڵەوە خۆی هەڵدەستا بە خزمەتکردنی خۆی، جێبەجێکردنی کارە تایبەتەکانی، پیاوێك پرسیاری لە دایکە عائیشە کرد، کە ئایا پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەوە هیچ کارێکی دەکرد؟ فەرمووی: بەڵێ، نەعلەکان و جلەکانی دەدووریییەوە، کاری لە ماڵەوە دەکرد وەك چۆن یەکێك لە ئێوە لە ماڵەوە کاردەکات .



وە ئەگەر بە لای منداڵاندا تێپەڕ بوایە سـەلامی لێدەکردن، ئەنەسی کوڕی مالك دای بە لای کۆمەڵە منداڵێکدا سـەلامی لێکردن، پاشان ووتی: ئەمە ڕەفتاری پێغەمبەر ﷺ بووە .



هەروەهـا پێغەمبـەر ﷺ سـەردانی پشـتیوانانی دەکـرد، سـەلامی لـە منداڵەکانیان دەکرد، دەسـتی دەهێنا بە سەریاندا، بۆیان دەپاڕایەوە .

ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر دڵی منداڵاندا بەجێدەهێشت،

**لەوانە:**

هەر کاتێك لەگەڵ هاوەڵەکانی دابنیشتایە نەتدەزانی کامە پێغەمبەری خوایە ﷺ هەتا پرسیارت نەکردایە .

## دەسپێك

بۆ نەهێشـــتنی ڕەفتاری چروکی و خۆش ویســـتنی ماڵ، توڕەیی و بیری تۆڵەکردنەوە، خۆبەگەورە زانین و لە خۆبای بوون، لە مرۆڤدا، ئیسلام فەرمانی کرد بە بەخشین و لێبوردەیی وخۆبەکەم زانین کە ئەمانە دەبێتە هۆی زیاتر تەبابوون و خۆشەویستی.



پێغەمبـــەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: **هەرگیز بەخشـــین لە ماڵ کەم نـــاکات، بە لێبوردەیـــی زیاتر بە عیزەت دەبێت، هەرکەســـێك لەبەر خوا خـــۆی بەکەم بزانێت خودا بەرزی دەکاتەوە .**

### واتاکانی ئەم فەرمودەیە:

- **ما نقصت صدقة من مال:** بە بەخشین لە ماڵ، خودا بەرەکەتداری دەکات، لە لەناوچوون دەیپارێزێ، لە ڕۆژی دوایدا بە چەند قات پاداشتی دەداتەوە.
- **ومـــا زاد اللـــه عبدا بعفو إلا عزا:** هەر کەســـێك لـــە خەڵك ببورێت و چاوپۆشـــیان لێ بکات، خودای گەورە پلەی لـــەم دونیا لە دوارۆژدا بەرز دەکاتەوە.
- **وما تواضـــع أحد لله إلا رفعه الله:** هەرکەســـێك لە ئاســـتی خەڵکی خۆبەکەم بزانێت خودا خۆشەویســـتی دەکات لە دڵی خەڵکیدا و پلە و پایەی بەرز دەکاتەوە.

## چەند وێنەیەك لە خۆبەکەم زانین:

- وەرگرتن و ملکەچ بوون لە ئاستی ڕاستییەکاندا و ڕەدنەکردنەوەی حەق.
- ملکەچ بوون و پەرستنی خوای پەروەردگار.
- لە خۆبایی نەبوون.
- هەستان بەجێبەجێکردنی کارەکانی خۆت.
- ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر.



### ئەوەی لەم فەرموودەیەوە فێربوین

بەخشین لە ماڵ کەم ناکات، بەڵکو زیادی دەکات.

لێبوردەیی دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی باوەڕدا لە دونیا و دوارۆژدا.

بەخشندەی و نەرمونیانی و لێبوردەی و خۆبەکەم زانین لە ڕەفتاری باوەڕدارە.

# خۆش ویستنی پێغەمبەرمان ﷺ

## دەسپێک


خــوای گەورە دەفەرموێــت: (قُلْ إِنْ كُنْتُــمْ تُحِبُّونَ اللَّــهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُــمُ اللَّهُ)، واتە: پێیان بڵێ ئــەی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون ئەوسا خوا خۆشتانی دەوێت.

- چۆن ئاینی ئیسلامان پێ گەیشت؟
- قورئان بۆ سەر کێ دابەزی؟
- پێغەمبەرمان ﷺ چۆن ئاینەکەی گەیاند؟
- مافەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەرمان چیە؟

حوکمی
خۆشویستنی
پێغەمبەر ﷺ



خۆشویســتنی پێغەمبەر ﷺ واجبە لەسـەر هەموو موسڵمانێك، هەر کەسێك پێغەمبەری خۆشـنەوێت باوەڕەکەی دروست نییە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ چاکەی بەسـەر بـاوەڕداران هەیە بە تایبەتی و خەڵکیش بە گشـتی، هەروەکو چۆن خوای گەورە قورئانی بۆ سـەر ئەو دابەزاندووە و ئاینی ئیسـلامی بە خەڵك ڕاگەیاندووە و خەڵکی ڕێنمای کردووە لە گومڕای و بێباوەڕی بۆ شـوێن کەوتنی ئیسـلام و پەرستنی خوای گەورە بە تاك و تەنها.



عبدالله کوڕی هیشـام دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبـەری خوادا ﷺ بووین، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی ئیمامی عومەری گرتبوو، ئیمامی عومەر ووتی: ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆم لە هەمـوو کەس زیاتر خۆش دەوێـت جگە لە خۆم نەبێت. پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: نابێت ئەی عومەر، ئەبێت منت لە خۆت زیاتر خۆش بووێت، ئیمامی عومەر ووتی: سـوێند بە خوا ئێسـتا تۆم لە خۆم زیاتر خۆش دەوێت، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئێستا تەواوە ئەی عومەر .




## نیشانەکانی خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ :

- فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەرووی قسەی هەموو کەسێك.
- جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ بەسەر هەواو و ئارەزووکانماندا.
- شوێنکەوتنی و جێبەجێکردنی سوننەتەکانی لە ووتە و کردارەکاندا.
- زۆر باسکردنی و صەڵاوات دان لەسەری.
- خوێندنەوە و ئاشنابوون بە چۆنێتی ژیانی.
- ڕێزلێگرتن و بە گەورە ڕاگرتن و خۆشویستنی خانەوادەکەی.
- بەرگریکردن لە خۆی و ڕێبازەکەی.
- بەخشینی گیانت لە پێناو پێغەمبەری خوا ﷺ.
- ئاوات خواستن بە بینینی.
- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: کەسانێك لە ئوممەتەکەم لە پاش من دێن، ئەوەندە منیان خۆش دەوێت، لە پێناو بینینی مندا ئامادەن کەسوکار وماڵیان ببەخشن .

## چەند وێنەیەك لە خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر ﷺ

عورەی کوڕی مسـعودی ثەقەفی لە پاش گەڕانەوەی لە ئاشتەوایی (صلح) حودەیبیە کە لە نێوان موسـلمانان و بێباوەڕانی قوڕەیشدا بوو ووتی: (ئەی گەلی قوڕەیش، من نێردراوم بۆ لای پاشـاکان، نێردراوم بۆ لای پاشای ڕۆم، نێردراوم بۆ لای کیسرا، نیردراوم بۆ لای نەجاشی، بەڵام سوێند بە خوا هیچ پاشایەکم نەبینیوە ئەوەندە ڕێزی لێ بگیرێت بە ئەندازی ڕێزلێگرتنی هاوەڵان بۆ محمد ﷺ .



دەسپێک

خوای گـەورە دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَـهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَـلِّمُوا تَسْلِيمًا)، واتە: بە دڵنیاییەوە خوا و فریشـتەکان صەڵاوات لەسـەر پێغەمبەر ﷺ دەدەن، ئەی باوەڕداران ئێوەش صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدەن و سەلامی لێ بکەن.



## واتای صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

**صەڵاواتی خوا لەسەر پێغەمبەر ﷺ مەبەست پێی:** ستایشکردن و باسکردنێتی لە لای مەلائیکە بەرز و بەڕێزەکان.

**صەڵاواتی خەڵکی لەسەر پێغەمبەر ﷺ مەبەست پێی:** پاڕانەوە و داواکردنە لە خوا بەوەی کە ستایشی پێغەمبەرەکەی بکات.

**سـەلام کردن لەسەر پێغەمبەر ﷺ مەبەست پێی:** داواکردن لە خوا کە پارێزرا و سەلامەتی بکات لە کەم کوڕی و بەڵا.

## گەورەی صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ:



هەر کەسێك یەك صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدات، خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر دەدات، ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر بدات خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر دەدات .

پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی دوایدا تکاو شەفاعەتت بۆ دەکات، عبدالله کوڕی مەسعود دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: شایستەترین کەسانێك بە شەفاعەت و تکای من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە زۆر صەڵاواتم لەسەر دەدەن .

دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان و بەرزبوونەوەی پلەت، ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر بدات خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر دەدات، دە خراپەی لەسەر لادەبات، دە پلە بەرزی دەکاتەوە .

## چۆن صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدەین؟

عبدالرحمن کوڕی باوکی لەیلا ووتی: گەشتم بە کەعبی کوڕی عوجرە پێی ووتم: ئایا دیاریەکت پێنەدەم؟ پاشان ئەمەی پێ ووتم: کە جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لامان و ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فێربووین چۆن سەلامت لێبکەین، ئەی چۆن صەڵاوت لەسەرت بدەین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بڵێن:

اللهم صل على محمد، وعلى آل محمد، كما صليت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد، كما باركت على آل إبراهيم إنك حميد مجيد .

### ئەو کاتانەی سوننەتە صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدەین:

لە پاش تەواو بوونی بانگ.

لە کاتی چوونە ناو مزگەوت دەرچوون لە مزگەوت.

لەکاتی ناوهێنانی پێغەمبەر ﷺ .

لە کاتی پاڕانەوە.

لە ڕۆژی جمعەدا.





## نمونەیەك لە ژیانی هاوەڵان دەربارەی صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەرمان ﷺ

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕیتەوە دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من زۆر صەڵاواتت لەسـەر دەدەم، لە دوعاکانمدا چەند صەڵاوتت لەسـەر بدەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە ویسـتی خۆت، ووتم: چواریەکی دوعاکانم دەکەم بە صەڵاوات، پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: بە ویسـتی خۆت ئەگـەر زیاتری بکەیت خێـری زیاترە، ووتم: دەیکـەم بە نیوە، پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: بە ویستی خۆت ئەگەر زیاتری بکەیت خێری زیاترە، ووتم: دوو لەسەر سـێی دوعاکانم دەکەم بە صـەڵاوت، پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: بە ویسـتی خۆت ئەگەر زیاتری بکەیت خێـری زیاترە، ووتم: کەوابوو هەمـوو دوعاکانم با صەڵاوات بێت لەسـەر تۆ، فەرمووی: کەوابوو بەستە، خەم و غەمت نامێنێ وتاوانەکانت دەسڕێتەوە.